# كەركوك كەركوكە، نەك قودس

**سالار سۆفی**
salarsofy@hotmail.com

لای زۆربەی عەرەبەکان و تەنانەت موسوڵمانەکانیش، کێشەی فەلەستین کێشەیەکی چارەنووسسازە و شاری قودسیش شارێکی هێندە پڕ بایەخ و پیرۆزە، کە پێیان وایە مەحاڵە دەستی لێ هەڵبگیرێت. ئەم بۆچوونە وای لە بەشێکی زۆر لە خەڵکی کورد کرد کە هەمیشە بە ئاواتەوە بن، کێشەی کوردستانیش بچێتە هەمان ئاستەوە و تەنانەت شاری کەرکوکیش بۆ کوردەکان، لەگەڵ شاری قودس بۆ عەرەب و موسوڵمانەکاندا بەراورد بکەن و بیانخەنە تای یەك تەرازووەوە. دیارە ئەم بەراوردە کە تا ئێستا لە ئاستی حیزبیشدا کاری پێ دەکرێت، لە لایەکەوە بۆ تێگەیاندنی عەرەب و موسوڵمانەکان و هەر کەسانێکی تری پەیوەندیدار بووە، لە ئاستی گرنگی شاری کەرکوك لای کوردەکان و لە لایەکی تریشەوە بۆ دڵنیاکردنەوەی گەلی کورد بووە لەوەی کە هەرگیز ئامادە نین دەست لەم شارە هەڵگرن و هەموو قوربانییەکی لە پێناودا دەدەن. بەم پێیەش گەلی کوردیان لە سیاسەتی نەتەوەیی ڕاست و دروستی خۆیان دڵنیاتر کردووەتەوە.

لێرەدا مەبەست ئەوە نییە کە ئەنجامەکانی هەڵگرتنی ئەم دروشمە ( کەرکوك قودسی کوردستانە) ، لەسەر لایەنێکی سیاسی دیاریکراو بکرێت بە ماڵ، یان ئاستی ئەو لایەنە بە پێی دروستی و نادروستی ئەم دروشمە هەڵبسەنگێنرێت. پێویستە بۆ گەیشتن بە ئامانجە ستراتیژییەکان، بەدەر لە کاریگەریی حیزبی و هەست و سۆزی تایبەتی، بە دووای ڕاستییەکاندا بگەڕێین. بە جیا لە ئامانجە ستراتیژییەکانیش، ڕەنگە هەر قۆناغێکیش پێویستی بە دروشمی کاتی تایبەتی خۆی هەبێت.

ئەوەی من بەدووایدا وێڵم وەڵامی ئەم پرسیارانەیە: (ئایا ئەم دروشمە چەندە دروشمێکی گونجاوە بۆ گەلی کوردستان؟ ئایا نەتەوەی عەرەب و موسوڵمانان، چەند لە توانایاندایە قودسە پیرۆزەکەیان ئازاد بکەن، تاکو بکرێت بە نموونە بۆ شاری کەرکوکیش؟ ئایا ئەم دروشمە لەواقیعدا چەندە خزمەت بە ئاواتەکانی گەلی کورد دەکات؟) .

لە سێ دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەمدا و بە تایبەتیش دووای شکستی عەرەب لە شەڕی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٧، ئازادکردنی قودس و بوونی بە پایتەختی وڵاتی فەڵەستین لای عەرەب و موسوڵمانەکان، بوو بە گرنگترین دروشمێك لە خەباتیاندا دژ بە ئیسرائیل. دەبێت ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە ئەم دروشمە پاش شکستییەکی مەزن لە بەرامبەر ئیسرائیلدا هاتە ئاراوە. عەرەبەکان لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابوردوودا لە دژی بوونی هەر جۆرە دەسەڵاتێکی جوولەکەکان لە فەلەستیندا بە توندی خەباتیان دەکرد و بە هیچ شێوەیەك بە بوونی دوو وڵات، یەکێکیان بۆ فەلەستینییەکان و ئەوی تریان بۆ جوولەکەکان قایل نەدەبوون.

دانووسانی دووروودرێژی چەندین ساڵەی نێوان ئیسرائیل و ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەڵەستینی، کە بەهێزترین ڕێکخراوی فەڵەستینییە و وەك نوێنەرێکی فەڵەستینییەکان دانووسانی لەگەڵدا دەکرێت، تا ئێستا بەرهەمێکی ئەوتۆی بۆ فەلەستینییەکان نەبووە و هەر چەند ساڵ جارێکیش بە پێی یارییەکی ژیرانەی ئیسرائیل، ئەنجامی گفتوگۆکانیش بوونەتەوە بە سفر. کەچی ئەم نوێنەرانە بەهەر نرخێك بێت دەیانەوێت لەگەڵ ئیسرائیلدا ڕێك بکەون و هەر هیچ نەبێت بکرێن بە کوێخای چەند گوندێك لە فەڵەستیندا. ئایا لە بارودۆخێکی لەم جۆرەدا، دەکرێت بڵێین فەلەستینییەکان دەتوانن شاری قودس ڕزگار بکەن؟ بۆ ئەوەی بەپێی ئەم بەراوردە کوردستانییەکانیش هیوایەکیان بە کەرکوك هەبێت؟

زۆر ئاشکرایە کە ئێستا سەرکردەکانی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەڵەستینی بە هیچ شێوەیەك باس لە ڕزگارکردنی وڵاتی فەلەستین ناکەن. ئەو ورەیە (بە تایبەتیش لای سەرکردەکان) چیتر بوونی نییە و ئەو ویستەش بە کردەوە بەوان جێبەجێ ناکرێت.

بەڵام با بزانین هێشتا لەسەر ڕزگارکردنی قودسە پیرۆزەکەیان سوورن؟.

بێگومان نەخێر. ئێستا فەلەستینییەکان هەموو هەوڵێکیان بۆ دروستکردنی شرەوڵاتێك تەرخان کردووە، جا ئەو وڵاتە هەرچۆنێك بێت و هەرکوێیان پێ ببڕێت. گەورەترین ئاواتیشیان لەو وڵاتەدا ئەوەیە کە چەند گەڕەکێك لە قودس بگرێتەوە، ئەو گەڕەکانەی پێی دەڵێن قودسی ڕۆژهەڵات. ئیسرائیلیش لەلای خۆیەوە تا ئیستا دانی بە هیچ مافێکی فەڵستینییەکاندا نەناوە، تەنانەت لە بستە خاکێکی قودسیشدا.

واتە لە بارودوخی ئێستادا نەك هەر ئیسرائیل ترسی لە ڕزگارکردنی قودس بە دەستی عەرەب و موسوڵمانەکان نییە، بەڵکو بەشێکی زۆر لە خەڵکی فەلەستینیش هیوایەکیان بەم خەونەی منداڵیان نەماوە و هەندێکیشیان لەگەڵ خۆیان بردیانە ژێر خاکەوە.

لە کاتێکدا ئەمە بارودۆخی قودسی ڕاستەقینە بێت، دەبێت لێکچوواندنی شاری کەرکوك بە قودس چ دەسکەوتێکی بە دوواوە بێت بۆ خەڵکی کوردستان؟! تۆ بڵێیت خەڵکی کوردستان لەوە زیاتریان پێ ببڕێت کە فەڵەستینییەکان چاوەڕوانین؟!

ئەگەر گەلی کورد و سەرکردەکانی بە نیازن شاری کەرکوك بخەنە چووارچێوەی نەخشەی سیاسی داهاتووی کوردستانەوە، پێویستە هەرگیز کەرکوك بە قودس نەچوێنن و ئەو هیوایەی هەیە لەناوی نەبەن.

چاکتر وایە دروشمە کاتییەکان هەرگیز پیرۆز نەبن و بە پێی بارودۆخ بگۆڕدرێن. ئەم دروشمە و ئەم بەراوردەی کەرکوك لەگەڵ (قودس) دا کە ڕەنگە لە کاتێکی دیاریکراودا گونجاو بووبێت، ئەمڕۆ ئیتر گونجاو نییە و خۆی لە خۆیدا داواکارییەکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی شاری کەرکوك (بە هەمان شێوەی شاری قودس!) . لەگەڵ ئەوەشدا کە سەدان ملیۆن کەس لەگەڵ ڕزگارکردنی شاری (قودس) دان و فرمێسکی بۆ دەڕێژن، بەڵام بارودۆخی ئەمڕۆی ئەم شارە و ئەو هیوایەی بە ڕزگارکردنی هەیە، بە ئاشکرا هاوار دەکەن: با چیتر ئەم دروشمە هەڵنەگرین. کەرکوك کەرکوکە نەك قودس.

٢١. ٤. ٢٠٠٣

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت